پۆلیسێک لە باشووری بەغدای پایتەخت تاوانی کوشتی ئەنجامدا



ڕۆژی یەکشەممە پۆلیسێک لە باشووری بەغدای پایتەخت تاوانی کوشتی ئەنجامدا.

سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕاگەیاند کە ئەندامێکی پۆلیسی هاتووچە لەکاتی پشووکێیدا (مەوداە) تاوانی کوشتنی ئافرەتێک بە دەستەژی گوللە لە ناوچەی «شورتەی چوارەم» لە باشوری بەغدای پایتەخت ئەنجامدا.

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشکردووە کە تاوانبارەکە هەڵهاتوە بە شوێنێکی نەناسراو، لە کاتێکدا زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە خزمایەتی لە نێوان تاوانبار و قوربانییەکەدا هەیە.